

# هێرتا مولەر

# وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ٢٠٠٩

ئا/ ئایندە

ئەمساڵیش وەک زۆربەیساڵەکانی رابووردوو بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا بەبێ موفاجەئە تێنەپەڕی و وەرگری ئەمساڵی ئەو خەڵاتە شکستی بە پێشبینییەکانی زۆرێک لە چاودێران و رۆژنامەنووسان هێنا، کە باسیان لە کۆمەڵێک ناوی تر دەکرد بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

سەعات یەکی پاشنیوەڕۆی ٢٠٠٩/١٠/٨ ئەکادیمیای بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ رایگەیاند کە بۆ خەڵاتی ئەمساڵ لەبواری ئەدەبدا خاتوو (هێرتا مولەر) دەستنیشانکراوەو شایەنی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە. هەمووی چەند رۆژێکی کەم بوو ناوی ئەو خاتوونە خرابووە لیستی کاندیدکراوەکانی ئەو خەڵاتەوە، بۆیە هەواڵەکە نەک تەنها بەلای چاودێرانەوە پێشبینی نەکراو و جێی سەرسوڕمان بوو، بەڵکو بەلای خودی (مولەر)یشەوە شتێکی سەیرو کتوپڕبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو وەختێک هەواڵەکەیان پێی راگەیاندو داوایان لێی کرد رای خۆی بڵێ لەو بارەیەوە، وتی: (زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئەو هەواڵە راستبێ، بەڵام قسە بۆ هیچ کەناڵێکی راگەیاندن ناکەم، چونکە تا ئێستاش باوەڕناکەم و گومانم هەیە لە راستیی هەواڵەکە).

شاعیرو رۆماننووسی ئەڵمانی (هێرتا مولەر) لە ١٩٥٣/٨/١٧ لە گوندێکی ئەڵمانیزمانی سەر بە کەمینە ئەڵمانییەکەی وڵاتی رۆمانیا لەدایکبووەو باپیری جوتیارێکی ئەو گوندە بووە. لە جەنگی دووەمی جیهانیدا باوکی شۆفێری شاحینەبووەو دواتر لەگەڵ زۆربەی ئەڵمانیزمانەکانی ئەو وڵاتەدا ساڵی ١٩٤٥ راگوێزراوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. هەر لەو سەروبەندەدا دایکی مولەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ سەربازگەیەکی سۆڤێتییەکان و خزمەتی سەربازەکانی کردووە.

پاش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی (مولەر) لە زانکۆی (تیمیشوارا) درێژە بە خوێندن دەدات و یەکێک بووە لەو خوێندکارانەی بەردەوام کاری کردووەو هەوڵی داوە بۆ فراوانبوونی ئازادیی بیروڕا. ساڵی ١٩٧٦ لە کۆمپانیایەکی ئەندازیاری کاری وەرگێڕانی کردووەو لەبەر ئەوەی رازی نەبوو هاوکاریی دەزگای نهێنیی سەر بە دەسەڵاتی




(چاوچیسکۆ) بکات، ساڵی ١٩٧٩ لە کارەکەی دەرکرا، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەند جارێک هەڕەشەی لێ بکرێت و دووربخرێتەوە.
بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی (مولەر) ناچاربوو وانەی تایبەتی بە خوێندکاران بڵێتەوەو بەردەوامیش نووسین و بابەتی ئەدەبیی بڵاودەکردەوە، ساڵی ١٩٨٢ یەکەمین کتێبی کە کۆمەڵە چیرۆکێک بوو لە ڕۆمانیا بەچاپ گەیاند، بەڵام هەر زوو بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی (فەساد و ئابرووچوون) ئەو کتێبەی کەوتە بەردەم مقەستی سانسۆرو تا لەو وڵاتە مایەوە سەرجەم کارەکانی بێبەش نەبوون لەو سانسۆرە. ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ (ریچارد ڤاگنەر)ی هاوسەریدا هەڵاتن بۆ ئەڵمانیاو تا ئەو کاتەش هەڕەشەو مەترسی لەسەر ژیانی بەردەوام بوو. دوای ئەوەی لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو لە چەند زانکۆیەکی ئەو وڵاتەو دەرەوەی ئەو وڵاتە وانەی وتووەتەوەو چالاکییە ئەدەبییەکانیشی بەردەوام بووە.
بیرۆکەو بابەتی سەرەکیی زۆربەی کارەکانی (مولەر) باسکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دوورخستنەوەو زوڵم و زۆری سەر چەوساوەکانە، بەڵام ئەم کارەی بە شێوەیەکی وا نەکردووە کە لە جوانی و شیعرییەتی کارەکانی بهێننە خوارەوە، هەر بۆیە وەختێک ڕاگەیێندرا کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ئەمساڵ بەو دەبەخشرێ، سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیای بەخشینی ئەو خەڵاتە ڕایگەیاند (بەهۆی چڕیی شیعرو بابەتییەتیی پەخشانەکانییەوە، کە پڕن لە ڕاستگۆیی و بە قوڵی ژیانی بەشخوراوانی خستووتە ڕوو، بۆیە ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا).
مولەر خاوەنی زیاتر لە (٢٣) کتێبە، کە هەندێکیان وەرگێڕدراون بۆ سەر چەندین زمانی جیهانی، لە ساڵی ١٩٩٥ەوە ئەندامی ئەکادیمیای ئەڵمانییەو ساڵانێکە لە شاری بەرلین دەژیت. دوا ڕۆمانی کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا نووسیویەتی، یەکێک بوو لە ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی ئەڵمانیاو کاندیدکرا بۆ خەڵاتی کتێبی ئەو ساڵەو لە پێشبڕکێی باشترین شەش ڕۆمانی ئەو وڵاتەدا تا کۆتایی ڕۆیشت.
لە ماوەی کارکردن و ژیانی ئەدەبییدا (مولەر) چەندین خەڵاتی گرنگ و جیهانیی پێ بەخشراوە، لەوانە: خەڵاتی ئادەم-١٩٨١، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی شاری بریمەن-١٩٨٥، خەڵاتی ماری لویز فلیسەر-١٩٨٩، خەڵاتی ڕۆسڤیتا-١٩٩٠، خەڵاتی ڕەخنەگرانی ئەڵمانیا-١٩٩٢، خەڵاتی ئەرستیۆن بۆ ئەدەبی ئەورووپی-١٩٩٥، خەڵاتی ئەدەب لە شاری گراتس-١٩٩٧، خەڵاتی فرانز کافکا-١٩٩٩، خەڵاتی بەرلین-٢٠٠٥ و چەندین خەڵاتی تر، کە دواهەمینیان خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بوو لە مانگی ١٠ی ئەمساڵدا پێی بەخشرا، بڕیاریشە لە چەند مانگی داهاتوودا کۆمەڵێ خەڵاتی تر وەربگرێ، لەوانە خەڵاتی (Franz Werfel) بۆ مافی مرۆڤ و خەڵاتی هۆڤمان فۆن.
جێی باسە لە ماوەی ١٠٩ ساڵەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا، مولەر دوانزەهەمین ژنە نووسەرە کە ئەو خەڵاتەی پێ دەبەخشرێ و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابووردووشدا سێهەمین نووسەری ئەڵمانییە خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا وەردەگرێ.